# خـــــــــــۆر



قوبادی جەلی زادە
Jalyzada@yahoo.com

## 1- پەرەمووچی خۆر

خۆر ..،
شێوەکارێکی پێست سپی یە
کەچی کە دەگاتە هەر کێڵگەیک ،
رەنگی سەوز هەڵدەرێژێت ..
دەگاتە هەر جوتیارێکیش ،
پۆرترێتێکی رەشرەشی
بۆ دەکێشێت !

## 2- کەپری خۆر

ماڵی خۆر لەو دیو چیایە ..
کە مەغریبان دەگاتە جێ
کراسە سپی یەکەی دادەکەنێ و
بە رووتی ،
لەسەر فێنکایەتی کەپرێک
پاڵ دەکەوێ .
کەپرێ لە رەیحانە رەشە .
خۆر بە رووتی
لە قولەرەشێکی ئەفریقایی دەچێت !

## 3- گۆچانی خۆر

هەموو گەردی بەیانییەک ،
منداڵێک

دەچێتە تۆقەلەی چیا ..

تا ،

دەستی شەرمنی خۆر بگرێت و

بە شەقام و کۆلانەکانی شاردا

بیگێرێت .

هەموو ئێوارەیەکیش ،

پیرەمێردێکی کەسیرە ..

لە بن درەختێکی هەلوەریوا ،

چاوەرێی تێپەڕبوونی خۆرە

تا ،

دەست بە گۆچانە زێڕینەکەیەوە بگرێت و

لەگەلێدا

بە کۆمە کۆم ئاوابێت !

## 4- بسکی خۆر

خۆر ،

هەموو گەردی بەیانیەك

ژنێکی بێ نوێژەو

لە دەریاچەی دوکاندا ،خۆی دەشوات .

بە چۆراوگەی بسکی ،

نم ..

نم ..

قەرسیلە سەوزەکانی شارەزور تەڕ دەکات .

بە شانەیەکی دار قژە زێڕینەکەی دادەهێنی

تاڵ ..

تاڵ ..

ئەگریجەکانی دەوەرن ..

لێرە بەو دلۆپە مروارییانە دەلێن ،

شەونم

بەو تاڵە زێرینانەش دەلێن

گوڵەگەنم !